کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org

بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 23:19 22-8-2007

**کەژاڵ ئەحمەد ئەو ژنەی لە هەولێرە ماستەوە بوو بە قەڵەم شکێن ... دڵزارحەسەن**

ڕەنگە پێت سەیر بێت ئەمرۆکە بەو شێوەیە خۆت دەبینیت و تەنها یەك هاوڕێی ڕۆژنامەنووس و



کارمەندی دەزگاکەت و هەڤاڵە حیزبیەکەت نابینیت بە پەیڤێکی دۆستانەش بێت یان تەنها بۆ دڵدانەوەت، قسەیەکی خێر یان نووسینێکی پشتگیری ئامێزت بۆ بنووسن. ناهەقت ناگرم تۆ هێشتا لە گەمە نا جوامێریەکانی حیزب تێناگەیەت و نازانی شەقی غەزەبی ئایدۆژیای حیزبی ئێمە چەند بە زەبرە. دڵ لە دڵ مەدە هاوڕێ کوردستان لانەی شێرانە و ئێوەی ڕەگەزی می زۆر بە ئەستەم جێگاتان دەبێتەوە. خۆت بینیت چۆن سەرنووسەرەکەت تەنها بای ئەوەندەش ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی نەهێشتەوە لە نووسنەکەیدا و دواجار تۆی کرد بە درۆزن و بوختان چی و نا ڕۆشنبیر، هەی کچە شاعیرە هەست ناسکەکەی نێو ئامێزی حیزب بە چاوی خۆت بینیت چۆن گوڵەکانیان سیس کردوو تۆیانکرد بە کاڵفام. ڕەنگە لەمەشیان زەمبت نەبێت و تۆی دڵساف و خۆش باوەڕ وات زانیوە ئیدی ئەو پیاوانەی دەورووبەرت گشتیان لە ڕەگەزی ئەو جوامێرانەن، کە هیلاك بوون و شۆڕشەکەیان بۆ بەختەوەری ئینسان و ژنانی وەك ئێوەمانان بووە. داخەکەم بۆ ئەمەشت هەی ئەدیبە قەڵەم سەنگینەکەم، لەمەشدا بەهەڵە چویت و نەتزانی ئەو مەحشەرەش بۆ مەرگی تۆ سازکراوە. من زۆر باش لەوە دەگەم بۆ هاواری شکاندنی قەڵەمەکانت کردوو بۆ بێدەنگیش کرای. من دەمزانی باراندنی وشە لای تۆ مەرگی دنیایەك کەسی بەدواوە دێت، وشە لای تۆ سەنگی مەحەکی جوانیەکانتە و هەڵقوڵاوی میهرەبانییە. تۆ نەتدەزنی لە دوای قەسیدەی هەولێرەماستەوە شایلۆغانی ئەو ئاهەنگە دەست پێدەکات کە وێنە تەڵخەکانی تۆی تێدا نمایشدەکرێت. کەژاڵ خان خۆت دەزانی ناسینی من بۆ تۆ لە تەنها چەند سڵاوێکی سەرپێیانە لە یەکتری تێپەرناکات، بەڵام ڕووح شیرینی و هەستە شیرینەکەتم تا قوڵایی دەریاکان پەڵکێشم دەکەن و لەوێندرێشەوە دەمبنەوە بۆ لێواری ئەو چەمانەی کە دوایین دەنگی فەلسەفەکەی نیتشەی لێوە دەردەکەوێت کە دژ بە بوونی ئێوە دەری بڕیوە. ئەو دێرە شیعرەتم باش لە یادە کە ئامۆژگاری نیتشەی پێدەکەیت، کاتێك دەڵێت" گەر چویتە لای ژنەکەت قامچیەکەت لە بیر مەکە" هاوڕێ تۆ ویستت بە جەستەیەکی ئاوریشمی و هەستێکی ژنانەوە قامچی دەستی پیاوەکان فڕی بدەیت و پێیان بڵێت منیش ئینسانم وەك ئێوە، بەڵام نەتزانی دووبارە پیاوە دڵڕەقەکانی نیشتیمان تۆ و هەزاران ژنی وەك ئێوە دەکەنە قوربانی ئارەزووەکانیان. برادەر نامەوێت لەمە زیاتر قسەت بۆ بکەم تەنها ئەوەندە ماوە بیڵێم کە ئەو نیشتیمانەی من و تۆی لێدەژی پڕیەتی لە هەناسەی بەربەریانە و وەحشیگەرایەك کە مرۆڤی تیادا نادۆزیتەوە سڵاوێکی میهرەبانانە لەو کەسانە بکات کە تێڕوانینیان جیاوازتر لە خۆیان دەردەکەوێت...

dlzarhessen@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.